## چەتۆ نەورۆز:

# بە پلەیەک خۆم بە قەرزاری باوکم دەزانم.. هەروەها زۆر قەرزاری مامۆستا زرار محەمەد مستەفام



**ئەوەی رەواندز بناسێت چەتۆ نەورۆز دەناسێت**

**هیوادارم ئۆکسترای کوردستان فراوانتر بێت**

**پرۆژەی سوپەرستاری کوردیمان لەبەردەستە**

**دیمانە: محەمەد زەنگەنە**

**چەتۆ نەورۆز.. یەکێکە لەو هونەرمەندە بەتواناییانەی کە بەدەست و پەنجە رەنگینەکانی خۆی لە گۆڕەپانی مۆسیقای کوردی سەلماندووە... تا ئێستاش لەگەڵ زۆر تیپی مۆسیقی کاری کردووە لە مووسڵ و بەغداو هەولێر و لەسەرتاپای عێراقی فیدراڵ بەشداریی لە زۆر کۆنسێرت کردووە. ئێستاش بەڕێوەبەری هونەری مۆسیقای سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە.. لە دیمانەیەکی تایبەتیش لەگەڵ خەبات ئەم چەند پرسیارەمان لێکرد.**

*** دوور لە هونەر.. دوور لەمۆسیقا.. چەتۆ نەورۆز کێیە؟**

- هەرکەسێک رەواندز بناسێت.. خەرەند و گەلیی رەواندز بزانێت.. چەتۆ نەورۆز دەناسێت، چەتۆ نەورۆز لەناخی ئەم شارە شیرینە هەڵقوڵاوە.

*** کێیە ئەو کەسە کە خۆت بە قەرزاری دەزانی لە گەیشتن بۆ ئەم ئاستە؟**

- من بە بەهرەی خۆم پێگەیشتم، بەڵام خۆم زۆر بە قەرزاداری مامۆستا زرار محەمەد مستەفا دەزانم کە لەسەر دەستی ئەو گەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا ئەو زۆر خزمەتی ئێمەی کردووە.

*** دەتوانین بڵێین سروشتی ناوچەی رەواندز کاریگەری لەسەر تۆ هەبوو کە ببیت بە هونەرمەند؟**

- بەڵێ راستە.. من لەشاری رەواندز لەدایک بوومە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیم لەوێ تەواو کردووە کەواتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبووە. خۆت گەر رەواندزت ببینیبێ هەر لە دەمی بەیانییەوە بەم هەوا خۆشەوە ئیلهامت بۆ دێ.

*** خانەوادەکەت قەت رێگر نەبووە لە هونەرەکەت؟**

- نەخێر هەرگیز.. لێرەدا حەزدەکەم باسی باوکی بەڕێزم بکەم. خوالێیخۆشبێت گەر ئەو نەبوایە من نەدەبوومە مۆسیقاژەن.. هەر کاتێک دابڕابام لە مۆسیقا سزای دەدام، خۆیشی لە گەنجایەتی لەگەڵ جوقەی سەربازی سوپای تورک دەهۆڵی دەژەنی.

*** لەوانەیە بچینە قاڵبی ژیانی تایبەتی، بەڵام هەوادارانی هونەرمەندان و خوێنەران حەزدەکەن بزانن ئایا هونەر تۆ و ئالان خانی بەیەک گەیاند؟**

- بەر لە هەموو شتێک خۆشەویستی بناغە بوو. عەشقێک دروست بوو، ئێمەی بەیەک گەیاند، بەڵام هونەرەکەش سەرتاپای هەموو شتەکان بوو، ئێمە هەر دووک تەواوکەری یەکترین من ناڵێم(ئالان خان) هیچی پێ ناکرێت..خۆی خودان ئیمکانیەتێکی باشە، بەڵام دیارە کاری منیش تەواوکەری قابیلەتی ئەوە.

*** چ شتێک لە تۆ زۆر سرنجی ئالانی راکێشا؟ چ شتێکیش لەئالان زۆر سرنجی تۆی راکێشا؟**

- ئالان خان خۆی باس دەکات و دەڵێت بەمن: من هەستم کرد لەیەکەمین جارەوە تۆ زیرەکیت.. و ناوبانگی تۆم بیستووە و دەزانم شتت پێیە.. بێگومان خۆی قازانجی کرد، جوانترین سیفەت لە ئالان خان ئەوەیە کە دوورە لە خۆویستی(ئەنانییەت) هەردەم دەڵێ کاری هونەریت تەنها بۆمن نەبێت، بەڵکو بۆ خەڵکیش بێت.

*** تا ئێستا هاوکاریی چەند هونەرمەندت کردووە؟**

- هاوکاری زۆر لە هونەرمەندانم کردووە.. بەڵام هەموو هونەرمەندان وەفایان وەکو یەک نییە، من لەگەڵ نەجمەدین غولامی، بەکری لەکزی، ناسری رەزای، جگە لە چەندانی تر کارم کردووە.

*** جگە لە مۆسیقا هیچ بەهرەی ترت هەیە؟**

- من بەهرەیەکی وەرزشیم تیادایە و مەلەوانزانێکی چاکم و لایەنگری تیپی تۆپی پێ ئەڵمانیامە.

*** لەم ماوەیەدا لە زۆر چالاکیی مۆسیقی سوپای کوریا دەبینران.. ئاستی مۆسیقاژەنەکانیان چۆنە؟ ئایا حەز لە هونەری کوردی دەکەن؟**

- لەم دواییانەدا خولێکم بۆ فێربوونی مۆسیقای کوردی بۆ مۆسیقاژەنانی سوپای کۆریای باشوور کردەوە، ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی هونەریی بەردەوام لە نێوانماندا هەیە، ئەوان مۆسیقاژەنی زۆر چاکیان هەبوو، بەڵام بەرەوشتی جوانی ئەوان وەکو مامۆستایەک مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم. جیدیيەتێکی زۆریان پێوە دیار بوو لە ئێمە زیاتر بۆ فێربوونی مۆسیقا و هونەری کوردی ئەو ئەی رەقیبەی کە ئەوان دەیژەنن بڕوا بکە لەئێمە باشتر دەیژەنن، ئەوان دەڵێن کلتوورەکانمان زۆر لەیەک نزیکە بۆیە باپەیوەندییەکانمان لە مۆسیقاوە دەست پێبکات، چونکە خۆشەویستی زیاتر دەبێت، بۆیە پەیوەندیی ئێمەبە ئەی رەقیب وکوردستان و چەندی گەڕام لە شاران دەستی پێکرد ئێستاش روحێکی کوردانەیان لەلا دروست بووە، جەخت لەسەر دۆستایەتیی نێوانمان دەکەنەوە.

*** رەنگە پرسیارێکی قورس بێت..بەڵام وەکو هونەرمەندێکی مۆسیقاژەن مۆسیقای کوردی ئەمڕۆ لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

-ئێمە دەبێ لە هەموو شوێنێک جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەینەوە، من ناڵێم ئاستی مۆسیقای کوردی زۆر بەرەو پێش چووە ئەمەش بەهۆی زۆر هۆکار ئەوانیش پەرەدان بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و کردنەوەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، بەڵام زۆری و بۆری زۆر ترسناکە ئێمە ئێستا لەو بارەداین گۆرانیبێژ گەلێ زۆرە گۆرانی زۆر لێدەدرێت رکابەریش هەیە، بەڵام تاڕادەیەک بەرەو پێش چووە کەچی مۆرکی دەرەویشی پێوەدیارە. هیوادارم تۆزێک لەو مۆرکە دووربکەوینەوە بادەست و پەنجەی کوردی دیار بێت ئەمیش بە زیندووکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی.

*** لە ولاتانی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرنامە هەیە بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندان بەناوی سوپەرستار یا ستار ئەکادیمی جا بۆچی وەکو هونەرمەند بیر لەوە ناکەنەوە بەرنامەیەکی بەمجۆرە لە کورستان دا هەبێت؟**

- ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە من ئەم پرۆژەیەم لەبەردەستە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی مۆسیقا کە بانگهێشتی هەموو بەهرەمەندان بکەین بەتایبەتی ئافرەت گەر لە خۆیان رادەبینن دەنگیان خۆشەو پێیبگەیێنین، ئەم بەرنامەیە هەماهەنگییەکی سەرتاسەری دەوێت و لە دەرفەتێکی نزیکدا ئەنجامی دەدەین.

*** هیواو ئاواتێکتان هەیە؟**

- هیوادارم ستۆدیۆیەکی گەورە لە کوردستان دروست بکەین بۆ ئەوەی گۆرانی بێژانمان ئیدی نەچن لە تورکیا کۆرانی تۆمار بکەن، هیوادارم زیاتر گەشە بە ئۆرکسترای کوردستان بدرێت و فراوتربکرێت.

بۆ خۆشم هیوادارم خوێندنی مۆسیقام تەواو بکەم، بەڵام لەمەیان تۆزێ بێ هیوام، چونکە خۆت دەزانی خوێندن سەلیقەیەکی تایبەتی دەوێت.

*** چی‌تر؟**

- رێزو خۆشەویستم بۆ رۆژنامەی خەبات هەیە کە بەردەوام هونەر و هونەرمەندان بەسەر دەکاتەوەو سەردانەکەی ئێوەش زیاتر هانی دام کە لەسەر کارەکەی خۆم و لەسەر هیواو ئاواتەکانم سووربم...هەر بژین.